# ئایدۆلۆژیا و گوتاری چیرۆکی کوردی، چیرۆکی ساڵانی ١٩٥٠- ١٩٦٩ بە نموونە

**ID No. 852**

(PP 33 - 44)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.6.3

**محەمەد ئەحمەد حەسەن**

بەشی کوردی،کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە،زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر

Mohammed.hasan@su.edu.krd

**وەگـــــرتن :2023/01/05**

**پەسندکردن :2023/05/14**

**بڵاوکردنەوە :2023/12/15**

**پوختە**

گوتاری چیرۆکی کوردی لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٠- ١٩٦٩ گوتارێکی تایبەتە، بەوەی لەو ماوەیەدا ئایدیۆلۆژیا بەسەر دەقەکاندا زاڵە. واتە چیرۆک کراوە بە ئامرازێک بۆ ئەوەی گوتاری ئەو چیرۆکانە دەربڕێت. کاری ئێمە لەم توێژینەوەدا ئەوەیە لە چ روویەکەوە چیرۆک کراوە بە ئامراز. هاوکات کارمان کردووە بۆ ئەوەی کایگەری ئایدیۆلۆژیا و ناوەڕۆک لەسەر کەمکردنەوەی لایەنی تەکنیک و هونەری چیرکنووسین بخەینەڕوو. بۆ ئەمەش سەرەتا ناونیشانمان وەکوو ڕەگەزێکی سەرەکیی دەق خستۆتەڕوو، بۆ ئەوەی بزانین ناونیشانەکان چۆن کراون بە قوربانی. لایەنی دووەم، ئیشکردنە لەبارەی دەسەڵاتی واقیع، واتە چیرۆکەکان بە شێوەیەکی کتومت واقیعیان گواستۆتەوە، بەبێ ئەوەی دەسکاری واقیع بکەن، ئەمەش لایەنێکی ترە، کە هونەری چیرۆکنووسینی فەرامۆش دەکات. ئایدیۆلۆژیاش یەکێکی ترە لەو لایەنانەی کاریگەری خراپی لەسەر ناوەڕۆک و تەکنیکی چیرۆکەکانی ئەو ماوەیە کردووە. ئەم ئایدیۆلۆژیایە وایکردووە بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان بکوژێت و نەتوانن گوزارشت لە واقیع و چیرۆکی خۆیان بکەن. لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان لە چەند خاڵێکدا خستۆتەروو، لەگەڵ دانانی لیستی سەرچاوەکان.

**وشە سەرەکییەکان:** گوتار، چیرۆک، ئایدیۆلۆژیا، واقیع، تاک

### 1-پێشەکی :

گوتار (الخطاب) دەبێتە مەیدانێکی زانستی سەربەخۆ بۆ ئەوەی توێژەر لەوێوە بتوانی توێژینەوەکانی ئەنجام بدات. هەموو دەقێك گوتارێکی لە خۆیدا هەڵگرتووە. چیرۆك وەکو ژانرێکی هونەری لە گوتار خاڵیی نییە. کارەکتەرەکان،بۆ گێڕەوەکان گوتاری تایبەت بە خۆیان هەیە. گوتاریش دەبێتە هۆکارێکی گواستنەوە، بە هۆی ئەوەی لە زیهن و هزر ماندا هەیە، لە پێوەندیدا دەبێت لەگەڵ زمان، چونکە زمان دەبێتە ئاوێنەی گوزارشتکردن لە هزر.

چیرۆك و هەموو دەقێکی دیکە، ئایدیۆلۆژیایان تێدایە. بەڵام ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا کارمان لەبارەوە کردووە، ئایا گوتاری ئایدیۆلۆژیای چیرۆکی کوردی (١٩٥٠- ١٩٦) چییە؟ ئایا ئایدیۆلۆژیا چۆن لەناو چیرۆکی ئەو ماوەیە بەکارهاتووە؟ هاوکات ئایدیۆلۆژیا چ کاریگەرییەکی لەسەر توخمەکانی چیرۆك و لایەنی تەکنیك و هونەری گێڕانەوەی چیرۆك هەبووە؟ هەموو ئەم پرسیارانە بەشێوەی پراکتیک لەناو ئەم توێژینەوەیەدا کاریان لەبارەوە کراوە و وەرامیان دراوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکیی پێکهاتووە. بەشی یەکەم دوو پارە، پاری یەکەم کارکردنە لەبارەی پێوەندی نێوان ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا بەگشتی و ئایدیۆلۆژیا و دەقی چیرۆك بەتایبەتی. هەوڵمداوە بەشێوەیەکی تیۆریی ڕۆچوون و پێوەندی نێوانیان و سوود لەیەك وەرگرتنیان باس بکەم. لە پاری دووەم باسی چیرۆکمان وەکو ئایدیۆلۆژیا کردووە، بۆ نموونە چۆن ئایدیۆلۆژیا چیرۆکێک بۆ خۆی دەکاتە هۆکارێک؟ ئایا ئەگەر چیرۆك بووە ئایدیۆلۆژیا وەکو دەقێکی هونەری و ئەدەبی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت یان نا؟ لە بەشی دووەم، کە بەشێکی پراکتیکییە، هەوڵمانداوە گوتاری ئایدیۆلۆژی چیرۆکی ئەو ماوەیەی دیاریمان کردووە باس بکەین. ئەویش لە ڕێی زاڵبوونی هەندێ لایەن بەسەر دەقی چیرۆکەکان. بۆ نموونە گوتاری ناونیشانەکان چین، ئایا ناونیشانەکان ناونیشانی هونەرین؟ لە دووەم باسی دەسەڵاتی واقیعمان بەسەر دەقی چیرۆکەکان کردووە، کە ئەمەیش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر لایەنی

تەکنیك و هونەری چیرۆکەکان هەبووە. لە سێیەمدا باسی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیامان لەناو دەقەکاندا کردووە، ئەو ئایدیۆلۆژیایە چ گوتارێکی لەناو دەقەکە بەرهەمهێناوە. لە چوارەمدا باسی کاریگەری گوتاری ئایدیۆلۆژیمان لە کوشتنی بیرکردنەوەی کارەکتەر و تاکەکان کردووە. لە کۆتاییدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێك. هەوڵمانداوە پێڕەوی لە مێتۆدی (ڕەخنەی نوێ) بۆ ڕاڤەکردنی دەقەکان بکەین، ئەویش بە کارکردن لەناو دەقەکان. دواتر پێڕەویمان لە بەکارهێنانی پەراوێز و سەرچاوەکان بەپێی سێستەمی (هارڤارد) ڕیز کردووە. دواتریش لیستی سەرچاوەکان دێت.

**2- پێوەندی ئایدیۆلۆژیاو دەق:**

**1.2 ئایدیۆلۆژیا و دەقی چیرۆک :**

سەرەتای سەدەی بیستەم، سەرەتای دەرکەوتنی گەلێ ئایدیۆلۆژیا بوو. ئەم ئایدۆلۆژیایانە کەوتنە ململانێ لەگەڵ یەکدی. دوای ئەوەی چینی ئوروستوکراتی شوێنی بۆ چینی کرێکار و ناوەندی کۆمەڵ جێهێشت، دەسەڵاتیش گۆڕانکاری بەسەرهات. ئەو ئایدیۆلۆژیایەی دەبێتە ڕێنموونی و لە ڕێی سیاسەدەوە دەچێتە سەر دەسەڵات، هەوڵی بڵاوەپێکردن و چەسپاندنی خۆی دەدات. ئەدەب بە گشتی و چیرۆك بەتایبەتی ئامرازێکی بەهێزی ئەو چەسپاندنەن. بەهۆیەوە ئایدیۆلۆژیاکە هەوڵی دەسەڵات پەیداکردن بەسەر کۆمەڵ و تاکەکانی دەدات. ئەدەبیش پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە کۆمەڵەوە هەیە. لەسەرەتادا هەوڵدەدەین لە زاراوە و چەمکی ئایدیۆلۆژیا بکۆڵینەوە. یەکەم کەس زاراوەی ئایدیۆلۆژیای بە کار هێنابێت، بیرمەند «دێستووت دێتراسی Destut detracy» لە کتێبەکەی بەناوی (پرۆژەی ڕەگەزەکانی ئایدیۆلۆژیا). ئەو دەڵێت: ((ئەم وشەیە ڕیشەکەی بۆ لاتینی دەگەڕێتەوە، لە دوو بەش پێکدێ. بەشی یەکەم Ideo بە واتای بیر و هزر دێ و بەشی دووەم logic بە واتای زانست دێ. بە لێکدانی هەردووکیان دەبێتە زانستی هزرەکان. )) [غورفیتش، ١٩٩٩، ص٤٠] زاراوەکە زۆر گشتی دێتەبەرچاو. کەواتە لێرە هەموو بیرکردنەوەیەکی مرۆڤ دەگرێتەوە. تەنانەت «گۆرفیتش» پتر دیدی «دێتراسی» ڕوون دەکاتەوە، بەوەی بونیاتی ئایدیۆلۆژی لە سەرەتادا وەکو خەیاڵ، یان ڕوونتر وەکو درۆیەك دێتە بەرچاو، مرۆڤەکان بۆ وێناکردنی خۆیان پەنای وەبەر دەبەن. کەواتە هەموو خەیاڵ و میتافیزیکایەك دەگرێتەوە. پاشان چەمکی ئایدیۆلۆژیا بەشێوەیەکی فراوان گەشە دەکات. ئەم چەمکە دەچێتە ناو فەلسەفە و ئەدەبەوە. پێوەندنی ئایدیۆلۆژیا بە ئەدەبەوە لەوکاتەوە لەگەڵ ئەدەب توندتر دەبێ، کاتێك دێتە ناو کۆمەڵناسییەوە. توێژەران لەو بڕوایەدان، کە یەکەم کەسێك چەمکی ئایدۆلۆژیای هێنابێتە ناو کۆمەڵناسییەوە، «کارڵ مارکس»ە. لێرەوە ئایدیۆلۆژیا ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و فیکری و مەعریفی وەردەگرێ. «مارکس» وتارێك بە ناوی ((ئایدیۆلۆژیا و چینەکان)) [مارکس- انجلز، ص٣٢] دەنووسێ. لەوێدا بۆچوونی خۆی لەبارەی گەشەی ئایدیۆلۆژیا دەخاتەڕوو، کە لە چوارچێوەی جووڵە و گەشەی ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا دەڕوات. ئەمەیش دەبێتە بەرهەمهێنانی فیکر و هوشیاریی. هەموو هەوڵەکان لەپێناو ئەوەدا بوون، ئەدەب بە قوڵی بخەنە خزمەت ئایدیۆلۆژیا، چونکە ئەوان لە ڕێی ئەدەبەوە، هەوڵی گەیاندنی ئایدیۆلۆژیایەکەیان دەدا. زۆر لە توێژەران ئەم بۆچوونانەی «مارکس» بۆ ئایدیۆلۆژیا بە (هووشیاریی ساختە) ناو دەبەن، چونکە تایبەتە بە چینێکی دیاریکراو، بەبێ ئەوەی ئاگادار بن پێوەندیان بە چینەکانی دیکەوە هەیە. بە بڕوای «مارکس» پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان هەمیشە لە جووڵەدان، ئەمەیش لە پێوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵەوە دێت. بەڵام ئایدیۆلۆژیا بەهۆی جێگری و نەبزووتنی وەکو شتێکی ساختە دەردەکەوێ. هەرچەندە ئەگەر بۆ بۆچوونی «کارڵ یەسپێرس» بگەڕێینەوە، ئەم بۆچوونەی «مارکس» کەموکوڕی تێدەکەوێ. بەوەی هەموو هوشیارییەك لە دەستەیەکی کۆمەڵ گەشە دەکات. لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەو چینەی هێزی ماددی کۆمەڵ پێکدەهێنێ، هاوکات هێزی ڕووحی هەمان کۆمەڵ لەخۆ دەگرێ. )) [مارکس- انجلز، ص٣٢] کەواتە هەر گەشەکردنێك لە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ ڕوویدات، هەمان گەشەکردن فیکر و ئایدیۆلۆژیای چینەکان دەگرێتەوە. «یەسپێرس» نموونەی چینی بۆرژوازییەت دەهێنێتەوە، کاتێك دەسەڵات دەگرنە دەست، ئەم دەسەڵاتەیان ئەنجامی پێکهاتەی هوشیاریی جیاوازە. لە هەموو ئەمانەدا دەردەکەوێ گەشەی ئایدیۆلۆژیا پێوەندی بە گەشە و چالاکی ئابوورییەوە هەیە. ئەو ئابووریەی چینەکانی ناو کۆمەڵ گەشەی پێدەدەن. ئەم ئایدیۆلۆژیایەیش وەکو نەسقێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت.

ئایدیۆلۆژیا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵەوە هەیە. وەکو سێستەمێکی فیکری کۆمەڵ دەردەکەوێ. هەر ئایدیۆلۆژیایەك لەناو کۆمەڵ باڵادەست بێ ئەوا دەزگای سیاسی، یاسایی و ئەدەبی ئاراستە دەکا. کەواتە جیهانبینی ئەو کۆمەڵە بەرانبەر جیهان و مرۆڤەکانی دیکە دروست دەبێ. «لۆسیان گۆڵدمان» بۆچوونی خۆی لەبارەی ئایدیۆلۆژیا وەکو جیهانبینی دەخاتەڕوو. بەڵام زاراوەی

جیهانبینی دوای ئەوە هێنایە ناو بواری ڕەخنەی ئەدەبییەوە، کاتێك ئایدیۆلۆژیا بەرە بەرە لە بنیاتی دەق وەدەرنرا. جیهانبینی لای ئەو بریتییە ((لە جۆرێکی دیاریکراوی بیرکردنەوە لە هەلومەرجی تایبەتدا خۆی بەسەر دەستەیەك لە خەڵکی دەسەپێنێت، کە لە بارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوبەشدا دەژین. )) [رەسول، ٢٠١٣، ل١٢] ئەگەر بە وردی سەیری ئەم تێڕوانینەی «گۆڵدمان» بکەین، هەمان واتای ئایدیۆلۆژیا دەدات. ئەویش بیرکردنەوەیەکی دیاریکراوە و تایبەتە بە چینێکی ناو کۆمەڵەوە. هاوکات پێوەستی بە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە ئایدیۆلۆژیای نووسەر هەمان جیهانبینیەتی لەناو دەقدا. کەواتە دەق وابەستەی واقیعی کۆمەڵایەتی دەکرێتەوە. ئەمەیش ئەو باوەڕە ڕەتدەکاتەوە، کە جیهانبینی و ئایدیۆلۆژیا لە یەکدی جیاواز بن. ((هەموو ئەو هەوڵانەی دەیانەوێ جیاوازی لەنێوان ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینیدا بکەن، ناتوانن پروپاگەندەی ئەوە بکەن، کە جیهانبینی وێناکردنی تەواوی ئەو واقیعیە، کە لێیەوە هاتۆتەدەر. چونکە توانای وەرگرتنی هەموو ئەو بۆچوونانەی لەناو کۆمەڵدا دەژین نییە، ئەمەیش ڕەهەندێکی ڕێژەیی پێدەبەخشێ. )) [لحمیدانی، ١٩٩١، ص٢٣] کەواتە هەردووکیان ڕێژەیەك لە وێناکردنی واقیعیان تێدایە. لێرەدا جیهانبینی وەکو داهێنانێکی تاکەکەسی دەرناکەوێ، بەڵکو وەکو بەرهەمی دەستەیەك خۆی دەردەخا. هاوکات ئایدۆلۆژیا ناتوانێ شتێکی تاکەکەسی بێت، چونکە تایبەت دەبێت بە چینێکی ناو کۆمەڵ.

لێرەدا دەمەوێ بپرسم، پێوەندی نێوان ئایدیۆلۆژیا و دەقی چیرۆك چییە؟ ئایا ئەدەب بە گشتی و چیرۆك بەتایبەتی بەبێ ئایدیۆلۆژیا دەبن؟ زۆر بە سادەیی دەڵێم هیچ دەقێکی چیرۆکی بێ ئایدیۆلۆژیا نییە، بەو واتایەی ئایدیۆلۆژیا بەشداری لە پێکهاتەی جوانیناسانەی دەقی چیرۆك بکا، نەك خۆسەپاندنی ڕاستەوخۆی بەسەر دەقدا. لە کۆنەوە ئایدیۆلۆژیا چ بە واتا کۆنەکەی و چ بە واتا نوێیەکەی ئامادەیی لەناو دەقدا هەبووە. بۆ نموونە دەقی (ئەلیادە و ئۆدێسە)ی «هۆمیرۆس» لەناو خۆیاندا ململانێی باوەڕ و فیکرەکانیان لەخۆ هەڵگرتووە. بۆچوونەکانی «جۆرج لۆکاش» لەمەڕ ڕۆمانی مێژوویی هەوڵێکی تیۆریی مەزنن، کە ئێمە لێرەدا دەتوانین بۆ پێوەندنی نێوان ئایدیۆلۆژیا و چیرۆك سوودی لێوەرگرین. ئەو ڕۆمان بە بەرهەمی بۆرژوازییەت دادەنێ. ئەم بەرهەمە لەسەر شێوەی داستان خۆی پێکهێناوە. جیاوازییەکانی نێوان ڕۆمان(دەقی گێڕانەوەیی) لەگەڵ داستان لەوەدا دەبینێتەوە، پێشتر بە شیعر دەنووسرا و ڕۆمان ئێستا بە پەخشان دەنووسرێ. لە داستاندا پاڵەوانەکان کاری لە توانا بەدەریان دەرکرد، بەڵام لە ڕۆماندا مرۆڤەکان توانیان سنووردار دەکرێ و مرۆڤی ئاسایی ڕۆڵی تێدا دەبینێ. بە بڕوای ئەو ((ڕۆمان ڕەگەزێکی ئەدەبیی دیالێکتیکیە، جەدەلیەتی بەڵێ و نەخێر جێبەجێ دەکا. )) [مجموعه من المولفین، ١٩٨٨، ص٦٨] واتە مرۆڤ لە ڕۆماندا ناتوانی بەسەر واقیعدا زاڵ بێت. ((ڕۆمان دنیای بێ خواوەندەکانە. )) [تادیە، ١٣٩٠، ص١٨٥] لەگەڵ پەیدابوونی بەها ئەخلاقی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەردەمی سەرمایەداریدا، هوشیاریی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت. جیهانبینی تاکەکان دروست دەبێت. چیدیکە تاك ناتوانێ ململانێی خواوەندەکان بکات، بەڵکو ململانێی چینایەتی دێتە ناوەوە. ئەم ململانێیانە هەنگاو بەرەو ململانێی فیکری و ئایدیۆلۆژی دەکێشن. بۆیەیش ڕۆمان ((شوێنی کۆبوونەوەی ئایدیۆلۆژیاکانە، یان توخمی ئایدیۆلۆژیا چینەکانی ناو کۆمەڵ، کە لە ململانێدان. )) [بلحسن، ١٩٨٤، ص١٠٤] ئەم بۆچوونانە بۆ چیرۆکیش هەر ڕاستن، هەرچەندە چیرۆك بەشێوەیەکی کەمتر لە ڕۆمان، بە هۆی تەسکی کات و ڕووداو و شوێنەکانەوە، ئایدیۆلۆژیاکانی تێدا دەردەکەوێ، لەلایەکی دیکە لە چیرۆکدا ژمارەی کارەکتەرەکان کەمن، بۆیەیش دەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیاکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی و کەمتر دەبیندرێت.

"ترۆتسکی" لە کتێبی ( ئەدەب و شۆڕش)دا، گرینگی زۆر بە بەهای ئایدیۆلۆژیا لە کاری ئەدەبیدا دەدات. بە بڕوای ئەو کاری گێڕانەوە بەتایبەتی ڕۆمان وەکو گوتارێکی سیاسی دەردەکەون. بێگومان ئەو تێڕوانینەی ئەو بەهۆی زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیای چەپ بوو. بە بڕوای ئەم نووسەرە بۆ ڕاڤەکردنی دەق دەبێ پێوەستی بە واقیع و مێژووی بکەینەوە. دەبێ نووسەر دەق لە خزمەت ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا بنووسێ، کە باوەڕی پێیەتی.

ئەوەی لە هەموو ئەمانەدا دەمەوێ بیڵێم، هیچ دەقێك بێ ئایدیۆلۆژیا نییە، بەڵام ئەوەی هەیە چۆن ئەم ئایدیۆلۆژیایە لەناو دەقی ئەدەبیدا دەمەزرێندرێ. ئایا دەق لە کاتی ئەم پرۆسێسەیەدا دەبێتە قوربانی، یان لایەنە هونەرییەکانی خۆی بەسەر ئایدیۆلۆژیاکەدا زاڵ دەکا؟ ئەوەی لێرەدا دەمەوێ کاری لەبارەوە بکەم، چۆن چیرۆکنووسانی ساڵانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەقی چیرۆکیان کردوە بە قوربانی ئایدیۆلۆژیای خۆیان. چۆن لایەنی هونەری دەقیان فەرامۆش کردوە لە پێناو ئایدیۆلۆژیاکەیان.

**2.2- چیرۆك وەك ئایدیۆلۆژیا:**

ململانێی ئایدیۆلۆژیاکان لەناو دەقی چیرۆکدا خزمەت بە تێمە و تەکنیکی دەقی چیرۆك دەکەن. ئەم ململانێیە هەوڵێکە بۆ ئەوەی جیهانبینی و تێڕامانی نووسەری دەقەکە دەرکەوێت. چەمکی چیرۆك وەک ئایدیۆلۆژیا، چەمکێکە چیرۆکنووس وەکو ئایدیۆلۆژیا دێتە ناو دەق. ئەو دێت ململانێ لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکانی دیکە دەکات. ئایدیۆلۆژیای خۆی بەسەر کۆی فەزای دەقی چیرۆك زاڵ دەکات. ئەمەیش واتە زاڵبوونی جیهانبینی چیرۆکنووس بەسەر جیهانبینی دەقەکە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دوای ئەوەی شۆڕشی چەپ و کرێکاری باڵی بەسەر زۆربەی جیهاندا کێشا، ئەدەبیش وەکو هۆکارێک بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە سوودی لێوەرگیرا. ڕاستە هەر گۆڕانکارییەک لە کۆمەڵگەدا ڕوویدات، کاریگەری لەسەر گۆڕانی ئەدەبیش دەبێت. بۆیەیش خاوەنانی ئەم بۆچوونە پێیانوایە: ((کاری ئەدەبی یا هونەری لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بەرهەمی مێشکی ئادەمیزادە کە ژیانی کۆمەڵێکی تایبەتی عەکس دەکاتەوە. هونەر و ئەدەبی شۆڕشگێڕیش بەرهەمی ئەو هونەرمەند و نووسەرە شۆڕشگێڕانەن کە ژیانی میللەت لە کارەکانیاندا عەکس دەبێتەوە. )) [مەمەند، ١٩٨١، ل٦٦] ڕاستە دەقی ئەدەبی کاریگەری سەردەکەمەی خۆی لەسەر دەبێت، بەڵام ئەو کاریگەرییە دەبێ خزمەت بە تەکنیك و بونیادی دەقەکە بکات، نەك دەقەکە بۆ خزمەتی خۆی بەکاربێنێت. دەقی چیرۆکیش پێوەندی بە کۆمەڵگە و سەردەمەکەی خۆیەوە هەیە، بەڵام ئیشکردن لە بنەمای گێڕانەوەی چیرۆك و تەکنیك و توخمەکانی وەکو دەق ئیشی تێدا دەکرێ، دەقی چیرۆك لە هێندێ قۆناغدا کراوە بە هۆکارێک، بە ئامرازێک بۆ ئەوەی ئایدیۆلۆژیای چینێك، کەسێکی پێ دەربڕبڕێت. ئەمەیش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بونیادی گێڕانەوە و لایەنی ئێستاتیکی دەقەکە دەبێت. کەواتە بوونی ئایدیۆلۆژیاکان لەناو دەقی چیرۆکدا کارێکی تەواو ئێستاتیکییە، چونکە ((هەموو کارەکتەرێک لەناو جیهانە ئایدیۆلۆژیاکەی دەژی و کار دەکات. )) [باختین، ١٩٨٨، ل١١٣] لێرەدا گۆشەنیگا و بیرکردنەوەی کارەکتەر دەردەکەوێت. کارەکتەر لێرەدا ئازادە لە چۆنیەتی دەربڕینی بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژیای خۆی. چیرۆکنووس لەم چیرۆکانەدا ناتوانێ هەژموونی ئایدیۆلۆژیای خۆی بەسەر تەواوی دەقەکەدا بسەپێنێ.

ئاشکرایە لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، دەقی چیرۆکمان زۆر کەمە، تەنانەت زۆرێک لە ڕەخنەگران ئەم قۆناغە بە قۆناغی سستی و نەهاتی دادەنێنن. بەڵام ئەوە ناگەیەنێت، کە هیچ چیرۆکێکمان نەبێت. نابێ بەهانەیش بۆ چیرۆکنووسانی ئەوکات بهێنینەوە، کە بۆچی چیرۆکی کەمیان نووسیوە، یان بۆ چیرۆکی لاوازیان نووسیوە! بۆ نموونە «حسەین عارف» بەهانەی ئەوە دەهێنێتەوە، کە دوو هۆکار بوونەتە هۆی کەمی دەقی چیرۆك، یەکیان نووچدانی شۆڕشی چواردەی تەمووز و لادانی لە ڕەوتی ئاسایی خۆی و دووەم هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی لە دوای ١٩٦١ لەناو کوردا. [عارف، ٢٠١١، ل٥٣] ئەمانە تەنێ بەهانەی ناڕاستین، ئەی بۆ لەو کاتدا چیرۆکی عەرەبی لەوپەڕی گەشانەوەدا بووە؟ ئەمە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت چیرۆکنووسی باشمان نەبووە، ئەوەی هەشمان بووە، بەشێوەیەك چیرۆکیان نووسیوە، کە تەکنیك و بونیادی گێڕانەوەی چیرۆکیان بە قوربانی ئایدیۆلۆژیاکەی خۆیان کردووە. خۆ ئەگەر ئەو چیرۆکانەی لەو کات هەمانە لە ڕووی تەکنیك و هونەری چیرۆکەوە لە پلەیەکی ئێستاتیکی و بەرزی هونەریدابان، ئەوە بەسە بۆ ئەوەی بڵێین چیرۆکمان هەن، با ژمارەی چیرۆکەکانیش کەمبووبن. چیرۆکنووسانی ئەو ماوەیە هەموو تیشکیان خستبووە سەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. گوزارشتکردن لەو دیاردانە ببووە خاسیەتێکی دیاری چیرۆکنووسان. ئەمەیش کاریگەری تەواوی لەسەر دەقی چیرۆکەکان دروستکرد، قوربانی میللەتیان کرد ، ئێمە باوەڕمان بەو قسەیە نییە، کە چیرۆکنووسانی ئەو کات ئاگەداری ڕەوتی چیرۆکی دنیا نەبووبن، یان چیرۆکی نەتەوەکانی دیکەیان نەخوێندبێتەوە. بۆ نموونە برایم ئەحمەد، مستەفا ساڵح کەریم، محەمەد مەولوود مەم و ئەمینی میرزا کەریم و چەندانی دیکە لانیکەم عەرەبیان زانیوە. چیرۆکنووسانی وەکو: د. مارف خەزنەدار، د. کاوس قەفتان چەندین ساڵ لە ڕووسیا ژیاون و ڕووسیان زانیوە و ئاگەداری ئەدەبیاتی ڕووسی بوونە، بەڵام چیان کرد؟ دەقەکانیان درێژەپێدەری تەکنیك و فۆڕمی چیرۆکی قۆناغی گۆڤاری گەلاوێژ بوون.

**3- گوتاری ئایدیۆلۆژیای چیرۆکی کوردی(١٩٥٠- ١٩٦٩):**

**3. 1 دەلالەتی ناونیشان:**

ناونیشان بە دەروازەی یەکەمی چوونە ژوورەوەی خوێنەر بۆ ناو دەق دادەنرێ. خوێنەر دەتوانێ لە ناونیشاندا کۆمەڵێ زانیاریی سەرەتایی لەبارەی چیرۆکەوە دەستبخەیت. ئەو زانیاریانە کۆمەکی باشی خوێنەر بۆ زەمینەسازی بۆ چوونە ناو دەق دەکەن. کەواتە ناونیشان هەر ڕستەیەکی ئاسایی ڕێزمانی نییە، بەڵکو وەکو سیمیۆلۆژییەکان لێی دەنۆڕن بونیاتی دەلالی خۆی هەیە. واتە لە

خۆوە ئەو ناونیشانە بۆ دەقەکە نانووسرێ، کۆمەڵێ رەهەندی لە خۆ هەڵگرتووە. ناونیشان ((یەکەم کلیلێکە داخراوەکانی دەقی پێ دەکەیەنەوە، چونکە نیشانەیەکی سیمیۆلۆژییە. دەتوانین هەڵیوەشێنینەوە و وابەستەی دەقی بکەینەوە. )) [فتاح، ۱۹۹۰، ص۷۲] ئەم کلیلە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هێندێك لایەنی دەقی پێ کەشف بکەین. لەدوای بونیادگەرەکانەوە ناوونیشان پتر بووە جێی سرنجی توێژەران. تەنانەت وەکو زانستێک ناسێنرا (زانستی ناونیشانTitrologie) بەشداری لە ڕاڤەکردنی گوتاری ئەدەبی بەتایبەت دەقی گێڕانەوەدا کرد. نووسەرێکی وەکو «لیۆ هۆك» لەبارەی ناونیشانەوە دەڵێت: ((کۆمەڵێ پێوەندی زمانییە (وشە، ڕستە، دەق) هەوڵی چەسپاندنی وێنەی دەق دەدات، ئاماژەیە بۆ پێکهاتەیەکی گشتی، هەروەها بۆ ڕاکێشانی خوێنەر. )) [اشبهون، ۲۰۱۱، ص۱۷] لێرەوە دەزانین چەندە قورسە پێناسەیەکی تەواو بۆ ناونیشان بکەین، بەتایبەت دوای ئەوەی وەکو زانستێك ناسێنرا. لێرەدا من نامەوێ لەڕووی تیۆرییەوە ناونیشان باس بکەم، بەڵکو ئەوەی دەمەوێ ئەنجامی بدەم تا چەند ناونیشانی ئەو چیرۆکانەی لەو ماوەیەی دەستنیشانم کردووە، ئایا ناونیشانی دەلالی و شیعریین؟ ئایا چۆن ئایدیۆلۆژیا کاریگەری لەسەر ناونیشانەکان هەبووە؟

ناونیشان وەکوو ڕەگەزێکی سەرەکیی چیرۆك دەبێ لایەنی هونەری و ئێستاتیکی تێدا هەبێ. تەنانەت ڕەخنەگران بە کورتکراوەی دەقەکەی دادەنێنن. هەوەڵین کاری چیرۆکنووس هەڵبژاردنی ناونیشانێکە، زۆر لە چیرۆکنووسان هەڵبژاردنی ناونیشان بە کارێکی هێندە زەحمەت دادەنێن، کە ماندووبوونێکی زۆری دەوێ. ((ناونیشان نیشانەیە بۆ ئەوەی کێ نووسیویەتی و بۆ کێ نووسراوە. )) [ابوبکر، ۱۳٤۱، ص۱٤۳] یەکەم وشەیەك، ڕستەیەك خوێنەر لە دەقی چیرۆکدا بەری دەکەوێ ناونیشانە، بۆیەیش دەبێ هێندە هونەری بێ، خوێنەر بەرەو ناو چیرۆك ببا. ناونیشانی چیرۆکەکانی کۆمەڵە چیرۆکی (بەرەو ڕۆژ)ی «د. مارف خەزنەدار» هێندە سادەن، لە قسەیەکی ئاسایی دەچن. هیچ گەمەیەکی هونەری و ئێستاتیکی لەم ناونیشانانەدا نییە، تەنانەت لە هێندێك ناونیشاندا یەکڕاست دەزانین چیرۆکەکە لەبارەی چییەوەیە و چ ئایدیۆلۆژیایەك بەسەر تەواوی چیرۆکەکە دا زاڵە. بۆ نموونە چیرۆکەکانی وەکوو: لەپێناوی دڵپاکی دا، دڵداری قەدەغە نییە، پێشوازی خاوەنشکۆ، بە ئامانج گەیشت، ئێوە قارەمانن، خەنجەر و قەڵەم کامەیان؟، سوێندنی بەچکەشێران. . . تاد. چیرۆکەکان زۆربەیان لەبارەی دیاردەی کۆمەڵایەتین و چارەسەریان بۆ ئەم دیاردانە لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراودا کردووە. ئاشکرایە ئەو دیاردانەیش هێندە زەق و دیارن گێڕانەوەیان بە شێوەی چیرۆك هێندەی لایەنی واقیعی بەسەر فەزای چیرۆکەکەدا زاڵ دەبێ، بوار بۆ تەکنیك و لایەنی هونەری ناهێڵێتەوە.

ناونیشانی چیرۆکەکانی (مەم) هەمان شێوە، هێندە ئاشکرا و ئایدیۆلۆژی نووسراون، خوێنەر بەبێ ماندووبوون دەزانێ، چ بیرکردنەوەیەك لە پشتی ئەم ناونیشانانەوە هەیە. بۆ نموونە: برسیەتی بەهێزترە، بارکەین لە گوند، کارمان دەوێ. . . تاد. ئەم بەستنەوەی ناونیشانی دەق بە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، کاریگەری لەسەر لایەنی هونەریی ناونیشانەکە دەبێت. لێرەوە دەمەوێ بڵێم، ناونیشان بچووکردنەوەی دەقە لە دێڕێك، ڕستەیەك، وشەیەك، چیرۆکنووس کاتێك ئەم وشە و ڕستەیە بە ئایدیۆلۆژیایەك بارگاوی دەکات، خوێنەر جودا لە یەك زانیاری چیدیکەی دەست ناکەوێت. تاکە هۆکاری ئەمەیش چیرۆکنووسە، بەهۆی زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوە بەسەر شێوازی بیرکردنەوە و نووسینیدا. بۆ نموونە ناونیشانی چیرۆکی (دڵداری قەدەغە نییە)ی «د. مارف» لە ڕستەیەك پێکهاتووە، ڕستەیەک واتای تەواومان دەداتێ. لەڕێی ئەم ناونیشانەوە دەزانین تێمەی چیرۆکەکە بریتییە لەوەی کچێک و کوڕێك دڵداری دەکەن، بەڵام دابونەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکان ڕێ بەم پەیوەندییە نادەن، بۆیەیش چیرۆکنووس دەیەوێ بیسەلمێنێ ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە هەڵگری بیری چەپ بن، ئەوا دڵداری نێوان کوڕ و کچ ئاسایی دەبێت. کەواتە ناونیشانەکەیشی خستۆتە خزمەت ئایدیۆلۆژیاکەی، لێرەدایە شیعرییەتی ناونیشان دەکوژرێت، چونکە لەژێر هەژموونی تەواوی بیرکردنەوەی چیرۆکنووسدایە. ئەم ناونیشانە ڕاستەوخۆیانە ئەو کات وەکو مۆدێلێک بووە، بەبێ ئەوەی چیرۆکنووسان گرینگی بە کاریگەری ناونیشان بدەن. چیرۆکی (ئەنجامی کچفرۆشی)ی [بێگەرد، ۱۹٥۸] «ڕەئوف بێگەرد، ناونیشانەکە، قسەیەکی ئاساییە، بەبێ ئەوەی هیچ گەمەیەکی زمانیی و هونەری تێدا کرابێت. یەکڕاست خوێنەر دەزانێت، چیرۆکەکە لەبارەی قەدەغەکردنی دڵدارییەوە و باوکی کچە، کچەکە بە کەسێکی دیکە دەدا، کە کچە حەزی پێناکات، ئەمەیش وەکو کچفرۆشی لێکدەدرێتەوە و لە ئەنجامدا کچە و کوڕە دەکوژرێن. هەموو هەوڵی چیرۆکنووسان چارەسەرکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەبەر ڕۆشنایی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراودا بووە، بەبێ ئەوەی گوێ بە لایەنی تەکنیك و هونەری چیرۆك بدەن. خۆ «چیخۆف» و «گی دی مۆپاسان»نیش شێواز و زمانی چیرۆکیان سادە و ڕاستەوخۆیە، بەڵام گرینگیان بە وشە داوە، هەوڵیانداوە زمانەکەیان هێندە چڕ بێت، هیچ وشەیەکی زیادەی تێدا نەبێت. ئەوەی من تێبینم کردووە، ناونیشان تێمەی زۆربەی چیرۆکی چیرکنووسانی ئەو ماوەیە، ڕەنگداوە و کاریگەری زۆری

چیرۆکنووسە چەپەکانی ڕووسیای پێوە دیارە. دیارە ئەمەیش بۆ هاوئایدیۆلۆژی زۆرێك لەو چیرۆکنووسە کوردانە لەگەڵ ئەوان دەگەڕێتەوە.

وەکو دەڵێن مشتێك نموونەی خەروارێکە، زۆربەی هەرە زۆری ناونیشانی چیرۆکەکانی ئەو ماوەیە، ناونیشانی سادەن، وەکو ڕاستییەکی ئاسایی دەردەکەون، بەبێ ئەوەی چیرۆکنووس هەوڵی لەگەڵدابێ. بە واتایەکی دیکە خاڵین لە شیعرییەت، ئەمەیش وا دەکات ئەو ناونیشانانە وەکو دەلالەتێکی ئەدەبی دەرنەکەون، بەڵکوو وەکو قسەیەکی سادە بن. ئەم سادەییە کاریگەری لەسەر خوێنەر دەبێت، خوێنەرێك ئاگەداری تەکنیك و هونەری ناونیشان بێت، یان خوێنەرێکی هووشیار و بە سەلیقە، کاتێک ئەم ناونیشانە دەبینێت، وا دەکات لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە دوورکەوێتەوە، چونکە یەکێك لە ئەرکەکانی ناونیشان ڕاکێشانی خوێنەرە بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە. زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیای چیرۆکنووس بەسەر تەواوی دەقی چیرۆکی ئەو ماوەیە و ناونیشانیشانەکانیان، وا دەکات ڕەهەندی ئەدەبی و هونەری لە دەست بدات، چونکە گەمەی زمانیی ئەگەر لەنێوان وشەکانی ناونیشاندا هەبوون، ئەوا دالەکان لەگەڵ یەکدی جۆرێك لە ڕیتم و ئێستاتیکا بە ناونیشانەکە دەبەخشن. ڕاستە ناونیشانەکان پێوەندیان بە سەردەمەکەوە هەیە، بەڵام ئەمە نەبۆتە گۆڕانکاری لە ناونیشانەکان، کاتێک شۆڕشی چواردەی تەمووز ڕوودەدا، شۆڕشی ئەیلوول هەڵدەگیرسێ، بەڵام ڕۆنانی ناونیشان هەر لەژێر هەژموونی ئایدیۆلۆژیا و دەسەڵاتی چیرۆکنووسدا دەبێت. هەرچەندە ناونیشانەکان واقیعیین، بەڵام مەدوولیان لێ نابێتەوە. بۆ نموونە چیرۆکی (خەنجەر و قەڵەم کامەیان؟)ی «د. مارف»، خەنجەر دەلالەتی شەڕ و نەزانینە و قەڵەمیش دەلالەتی زانست، دەبینین هەر یەکەیان لە یەك مەدلوول پتریان لێ هەڵناهێنجرێت. ئەمەیە ناونیشان لەڕووی هونەرییەوە لاواز دەکات.

**3. 2 دەسەڵاتی واقیع:**

ئاشکرایە واقیع یەکێکە لە سەرچاوەکانی دەقی چیرۆك، بەڵام کاتێك واقیع وەکو کەرەسەیەك بۆ ئافراندنی دەقی چیرۆك سوودی لێوەردەگیرێ، لەناو چیرۆکدا دەبێتە وێنەیەکی دیکە. بە واتایەکی دیکە ئەو واقیعە نابێ دەسەڵاتی تەواوی بەسەر دەقەکەدا هەبێت. ڕاستەوخۆ گواستنەوەی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان و واقیع بۆ ناو دەق، کاریگەری لەسەر لایەنی هونەری دەقی چیرۆك دەبێت، بەوەی خوێنەر خۆی لەناو ئەو واقیعەدا دەژیەت، پێویستی بە هەمان واقیع لەناو دەقدا نییە، چونکە دیویەتی و لەناویدا دەژی. بۆیەیش خوێنەر پێویستی بە وێنەیەکە لەناو دەقدا، کە جودا بێ لەو واقیعەی تێیدا دەژی. «ئالان ڕۆب گرێ» جوانی نووسیوە، کە دەڵێت: ((دەبێ خوێنەر بەو شتە بزانێ، کە لەبارەی جیهان نووسراوە، بەڵام جیهانی ئەو نییە. بەڵکوو حەز دەکا جیهانی ئەو بێت. )) [ئالان ڕۆب گرێ، ٢٠٠٨، ل٣٦] دەقەکانی «بەلزاك، چیخۆف، مەکسیم گۆرکی. . . تاد» پڕن لەو شتانەی پێوەندیان بە واقیع و جیهانەوە هەیە، خوێنەر پێیان ئاشنایە، بەڵام بەشێوەیەك کاریان تێدا کراوە، وەکو ئەوە وایە خوێنەر ئەم شتەی هەبێت، بەڵام بە هەمان شێوە نییە.

یەکێك لە لاوازییە هونەرییەکانی دەقی چیرۆکی ئەو ماوەیە لای چیرۆکنووسانی کورد، زاڵبوونی دەسەڵاتی واقیعە بەسەر فەزای دەقەکەدا. ئەمەیش بۆ دەستوەردانی چیرۆکنووس لە چیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە. چیرۆکنووس هێندەی لە خەمی گواستنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیاکان بووە، هێندە لە خەمی تەکنیك و هونەری گێڕانەوەی چیرۆکەکەی نەبووە. چیرۆکنووسەکان ئەو دەلالەتەیان خستۆتەڕوو، کە دۆزراونەتەوە، نەك دەلالەتێك، کە هێشتا نەدۆزراوەتەوە. منیش درك بەوە دەکەم ئەوان دەیانویست واقیعی کۆمەڵایەتی بگوازنەوە، چیرۆکنووسان ویستویانە ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵگە بێت. ئەوان واقیعێك بە چیرۆك نیشان دەدەن، کە هەیە. ڕەخنەگرێکی وەکوو «لۆسیان گۆڵدمان» بەرهەمی ئەدەبی وابەستەی واقیعێکی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. ((ئەو واقیعە چینایەتیەی، کە نووسەرێك تێیدا دەژی لە بونیادی زەینی نووسەرەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، لە کاتی بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبیدا. نووسەر جیهانبینی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی دەخاتە ڕوو. )) [خشفە، ١٩٩٧، ص٤٤] دەبینین جیهانبینی زۆر لە چواچێوەی ئایدیۆلۆژیا فراوانترە. هەرچەندە تێڕوانینەکەی (گۆڵدمان) ئەوەیە، کە ئەدەب پێوەست بە چین و دەستەی کۆمەڵگە بکاتەوە، بەڵام زۆر لەوە فراوانترە، کە ئایدیۆلۆژیا لە ئەدەبدا دەیکات. ئەوەشمان لە بیرە، ئەم فەیلەسووفە بیرکردنەوە و تیۆرەکەی لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی (کارڵ مارکس، هیگڵ، فرۆید، لۆکاش و باختین) داڕشتوە. ڕاستە ئەدەب پێوەست بە کۆمەڵگە دەکاتەوە، بەڵام هەمیشە ئەوەی لە بیرە، ئەدەب سەربەخۆیی و سرووشتی خۆی لە دەست نەدات. واتە دەکرێ لە ڕێی

ئەدەبەوە ئێمە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵ و کۆمەڵگە بکەین. بۆیەیش دەبینین ئێستاش لە زانکۆکانی (سۆربۆن) ئەدەب کەرەسەیەکە بۆ لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی.
مەبەستمان لە دەسەڵاتی واقیع هەر ئەوە نییە چیرۆکنووس، واقیعی وەکو خۆی گواستۆتەوە، بەڵکوو ئەوەیشە، چیرۆک بۆتە بەیاننامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی. ئەویش بە گوزارشتکردن لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمەیش بۆ ئەو وەهمەی چیرۆکنووس دەگەڕێتەوە لەو کات، کە خۆی وەکو چاکسازێکی کۆمەڵایەتی دەبینی. چیرۆکی (کارمان دەویَ)ی «محەمەد مەولوود مەم» چیرۆکێکە لەبارەی ژیانی قوتابی و کرێکار. واقیع و شێوەی بەیاننامەیی دەقەکە بەتەواوی فۆرم و شیوازی گێڕانەوەی داگیر کردووە. بەشێوەیەك خوێنەری هووشیار نازانێ چیرۆك دەخوێنێتەوە بەڵکوو هەر لە بەیاننامە و هوتاف دەچێت. ((لە ژوورەکەی سەرۆکی شارەوانی دەچوونە پێش! باڵیان دەکرد بە باڵی یەکتردا، تاوەکو ژوورەکەیان ئابلوقەدا! دووبارە دەنگ و هەرایان لەناو داڵانەکە و بەزۆری لەبەر دەرگای سەرۆك بەرز دەبووەوە. هەر کرێکارە، بە تورەییەوە. . دەینەڕاند، مانای نەبەزی و توندی. . خۆ لەبەرگرتن لە دەنگەکانیان دیاری دەدا. . ئاڵقە دیوارەکەی دەوری ژوورەکەش. . نیشانەی یەکگرتنی پۆڵایینی ئەو کرێکارانە بو.

هەموو دەیان نەڕاننەدا، بەیەکدەنگ بانگیان دەکرد:

• کارمان. . . دەویَ. .

• نانمان دەویَ. . )) [مەم، ١٩٨٤، ل٩٢]
شێوەی گێڕانەوەکە هێندە سادەیە، فۆرمی گێڕانەوەی لاواز کردووە، هاوکات لە وتارێک دەچێت، لە هوتافی چاکسازی دەچێت. ململانێی ئایایدۆلۆژی لەگەڵ واقیع دەسەڵاتی تەواوی بەسەر دەقەکەدا هەیە، بازنەی هاوسۆزی بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی لەبەر ڕۆشنایی بنەما واقیعی و ئایدیۆلۆژییەکانی ئیشتراکییەت باڵی بەسەر دەقەکەدا کێشاوە. لێرەدا دەق با ئامانج کراوە، ئامانجێکی ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی پێدەربڕاوە. ڕاستە چیرۆکنووس هەوڵیداوە ئەرکی هووشیارکردنەوەی خەڵک ببینێ بە پیشاندانی برینەکان، بەڵام لەلایەکی دیکە گێڕانەوە و گوتاری دەق بە قوربانی ئەو ئەرکە کراوە، ئەمەیش وایکرد ڕەنگدانەوەی تەواوی واقیع بێت، هاوکات گوزارشت بێت لە چینێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگە. تەنانەت لەم چیرۆکە پێوەندی نێوان کارەکتەرەکان پێوەندی ئازار و چینایەتییە. چینی قوتابی و کرێکار یەك دەردیان هەیە، بۆیەیش هەوڵدان و تێکۆشانیان یەك هەوڵدان و تێکۆشانە، خاوەنی خۆیان نین.

"د.مارف" لە چیرۆکی (بۆمبا و قوتابخانە)دا وەکو ئەوەی ڕووداوێکی ژیانی واقیعمان بۆ بگێڕێتەوە، ڕووداوەکان بەدوای یەکدا ڕیز دەکا. ((ئەم قوتابخانەیە لە پێش جەنگی دووەمی گێتی دا کرابووەوە، میری سەرپەرشتی دەکرد، لە بنجدا بۆ مەبەستی خوێندنی منداڵی ئاغا و کەسوکار و نزیکەکانیان کرابووەوە. کوڕەی گەورەی ئاغا چوار ساڵ لەو قوتابخانەیەی خوێندبوو. لە پاشانا لە شار خوێندنی تەواو کرد، ئەوجا قۆناغی خوێندنی زانستگای لە بەغدا بە ئەنجام گەیاند و بوو بە ئەوقات{محامی})) [خەزنەدار، ٢٠٠٦، ل١٠٣] لەم ڕستانەدا هیچ گێڕانەوەیەك نابینین، وەکو باسێکی واقیعی خۆی پیشان دەدات. ئەمەیش بۆ ئەزموون و بیرکردنەوەی چیرۆکنووس لەبارەی چیرۆکەوە دەگەڕێتەوە. بەوەی لەو باوەڕەدایە دەبێ پێوەندی نێوان کارەکتەر و واقیع لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی و ئابووری بێت. بە بروای ئێمە چیرۆکنووسانی ئەوکات تاکە مەیدان و پانتاییەك بۆ دەربڕینی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، مەیدانی ئایدیۆلۆژیا چەپ بووە، ئەو ئایدیۆلۆژیایەشیان بە تاکە چارەسەر داناوە، بۆیەیش هەموو لایەنێکی ئێستاتیکی هونەرییان لە چیرۆك بە قوربانی ئەو ئایدیۆلۆژیایە کردبوو. ((گوڵێ وایدەزانی جەنگ بووە هۆی داخستنی قوتابخانەکە، چونکە شەروشۆر لە دەرەوەی گوندەکەیان بوو. هەندرێ جاریش سەربازی میری بەسەر ئاواییەکەیان دا دەدا، کیژۆڵە نەیدەزانی دەسەڵاتی ئاغا قوتابخانەکەی داخستووە، لەپاش ئەوەی پێویستی پێ نەماوە. )) [خەزنەدار، ٢٠٠٦، ل١٠٣] هیچ خەیاڵێك، نوختەیەك گوزارشت لە خەیاڵ بکات لەم پەرەگرافەدا نابینینەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی واقیع دەسەڵاتی تەواوی بەسەر دەقەکەدا هەیە، هەموو لایەنەکانی دیکەی بۆ خۆی قۆرخ کردووە. ئەم قۆرخکردنە دەبێتە لاوازکردنی دەقەکە.

**3 .3 دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیا:**

ئایدیۆلۆژیا وەکو چەمکێکی هونەری ڕۆڵی گەورەی لە بەرهەمهێنانی ئیستاتیکای دەقدا هەیە، بەتایبەت لە دەقی گێڕانەوەییدا ئەگەر ئازادی تەواو بە کارکتەرەکان بدرێت خاوەن ئایدیۆلۆژیای خۆیان بن و هاوکات گوزارشتی لێبکەن. کەواتە دەبێ هێندە بە ئاگاییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەین، دەنا دەتوانێ بمانخاتە ژێر کاریگەری خۆی. هاوکات چۆنی بوێ ئاوا ئاراستەمان بکات. لەلای «باختین» هەموو وشەیەك ئایدیۆلۆژیایەکی لە پشتە. واتە هەموو وشەیەك نیشانەیەکە، ئەو نیشانەیە یەکسانە بە نیشانەیەکی ئایدیۆلۆژی. واتە زمان پرۆسێسەیەکی قسەکردنە بۆ ئاگایی تاك. ئەوەی ئەم ڕەخنەگرە باسی دەکا، مەبەست لێی پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان زمان و ئایدیۆلۆژیادا هەیە. بوونی کۆمەڵایەتی بە شێوەی جیاواز ئامادەیی لەناو ئاگاییماندا هەیە. بۆیەیش وشە کەرەسەیەکە بۆ گوزارشت کردن لە خۆمان. ئەم ڕەخنەگرە ئەم ئایدیۆلۆژیایەی لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی دامەزراوە، بە هەنگاوی یەکەم دادەنێ بۆ دروستبوونی دیالۆگ. لەوێوەیش فرەدەنگی ڕۆمان سەرهەڵدەدا.

ئەدەبێکی بارگاوی بە ئایدیۆلۆژیا، ئەدەبێکی زۆر هەژارە. ناکرێ دەقێکی نوقووم بوو بە ئایدیۆلۆژیا بە ئەدەبێکی هونەریی نێو ببەین، بەڵکوو دەکرێ بە نیمچە ئەدەبی هەژمار بکەین. ئەدەبی ئایدیۆلۆژی ئەدەبێکە، خزمەت بە حیزب، سیاسەت دەکات. ئەم ئەدەبە لە نێوەڕۆکدا هەڵگری درووشمەکانی حیزبە، ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوە. لە کورتیدا ئایدیۆلۆژیایەکە ئەدەبی وەکوو کەرەسەیەك بە کار هێناوە. نووسەری دەقی ئەدەبی ئایدیۆلۆژی، لە هەوڵی سەپاندنی ئایدیۆلۆژیاکەی خۆیەتی بەسەر خوێنەردا، هیچ بوارێك بۆ بیرکردنەوەی خوێنەر ناهێڵێتەوە. لەلایەکی دیکە هیچ بەرهەمەێکی ئەدەبی بێ ئایدیۆلۆژیا نابێ، بەڵام نابێ لایەنی هونەر و تەکنیك بە قوربانی بکرێ. ئەوە ڕۆمانی (دایك)ی «مەکسیم گۆرکی» تژییە لە ئایدیۆلۆژیا. هەموو دەقێك پشتخانێکی ئایدیۆلۆژی هەیە، بەڵام ئەمە ناکرێ ڕاستەوخۆ دەربېڕدرێ، بەڵکوو وەکوو «گریماس» ئاماژەی بۆ دەکا، دەبێ لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی دەقەکە ئەو گەردە ئایدیۆلۆژیانە دەرکەون، لەوێدایە خوێنەر لەئەنجامی لێکدانی ئەو گەردانە ئایدیۆلۆژیا ناو دەقەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوە. بۆیەیش ئەم ڕەخنەگرە لەو بڕوایەدایە ((ئایدیۆلۆژیای دەق لە سەرچاوەکەیەوە نییە، بەڵکوو لەو هێزەیەتی، کە دەلالەتە بارگاوییەکان بە ئایدیۆلۆژیا، دەگۆڕێ. )) [سمیر مرزوقی و شاکر جمیل، ص١١٨] ئایدیۆلۆژیا ڕۆڵی گرینگی لە ئافراندنی ئێستاتیکای دەق هەیە، بە مەرجێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر تێمە و لایەنە هونەرییەکانی دەقدا زاڵ نەکات. ئەگەر ئایدیۆلۆژیا بە شێوەیەکی فراوان ئامادەیی هەبوو، کەواتە چیرۆکنووس ئامادەیی هەیە. بەپێی تیۆرە تازەکانی ڕەخنەیش ئەمە کوشتنی مەدلوولاتی دەقە.

چیرۆکەکانی ئەم ماوەیە، تاکتاکیان نەبێت، دەنا هەموویان ئایدیۆلۆژیا خنکاندوونی. بەشێوەیەك ئایدیۆلۆژیا دەسەڵاتی بەسەر تەواوی فەزای چیرۆکەکەدا گرتووە، لە وتارێکی ئایدیۆلۆژی دەچین. زۆر جار ئایدیۆلۆژیا وەکو پەیام خۆی دەنوێنێ. لە چیرۆکی (لە سایەی شەریعەتدا)ی «د. مارف»دا پەیام و دژایەتی چیرۆکنووس بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت. ((هێشتا تەمەنی غەزاڵ لە چواردە تێپەڕی نەکردبوو، کە کوێخا کەریم کردی بە شایی و زەماوەند، بۆ غەزاڵ هەر ئەمە بوو کە دەستووری خودایە، دەبی مێردی ئەو هەر حەسەنی ئامۆزای بێ. وەکو لە پاش چەند ساڵێکی ترا خانەگوڵی ئامۆزاشی دەبێتە ژنی حوسێنی برای، با حەمەسابیری مام پیرۆت لە ئاقڵتر و قۆزتر بێ. )) [خەزنەدار، ٢٠٠٦، ل٣٠] چیرۆکنووس بۆ ئەوەی پەیامی ئەوە بە خەڵك بگەیەنێ، کە ئەم دابونەریتە کارێکی ناشرین و دوور لە هەموو یاسایەکە، بەڵام چیرۆکنووس لەڕێی ئەو پەیامەوە دەیەوێ دژایەتی خۆی بۆ ئایین و شەریعەت دەربڕێت. لێرەدا خوێنەر، یان ڕەخنەگر ناتوانێ هیچ مەدلوولێکی دیکە لەو چیرۆکە هەڵێنجێت، چونکە خوێنەر بە یەك مەدلوولەوە بەستراوەتەوە. کەواتە ئەمە کلیلدانی بیر و هزری خوێنەرە، خوێنەر ناتوانێ لەو جیهانبینییەی چیرۆکنووس لەناو چیرۆکەکەدا هەیەتی دەرچێت. ئەمە زاڵکردنی ئایدیۆلۆژیا و بیرکردنەوەی خۆیەتی بەسەر دەقدا. ئەم شێوازە بەردەوامی هەمان شێوازی نووسینی چیرۆکە لە گۆڤاری گەلاوێژ. چیرۆکی (بارکەین. . لە گوند)ی «محەمەد مەولوود مەم» بە هەمان شێوە بەهۆی پیشاندانی ژیانی گوند، فۆرم و شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکەی کوشتووە. ((دەفەرموو لەبەر خاتری مەکتەب. ئەوا خەریکە ژیان دەدۆڕێنین!! دەفەرموو با چارەیێکی خۆمان و منداڵەکانمان بکەین. . هەی قوڕ بەسەر!!یاللە تا ڕۆژ ماوە بابچین دوو پشتیە دار بێنین و نانی ئیمڕۆیان بۆ پەیدا بکەین، لە پاشدانیش ڕێگا و تەگبیرێک بدۆزینەوە بۆ ڕزگارکردنی خۆمان لەم دۆزەخ و تەنگانەیە!! دەی. . دەی)) [مەم، ١٩٨٤، ل٤٥] چیرۆکنووس لەڕێی ئەم چیرۆکەوە دەیەوێ باسی قوتابخانە لەسەردەمی پاشایەتیدا بکات، بەوەی ئەوکات حکوومەت قوتابخانەی لە گوندەکان دەکردەوە تاکوو منداڵەکان بخوێنن، بەمەیش خیزانە جووتیارەکان پەکیان دەکەوت و

حکوومەتیش یارمەتی قوتابییەکانی نەدەدا. تاکە مەبەستی چیرۆکنووس هەوڵدانە بۆ ناشریکردنی دەسەڵاتی پاشایەتی، چونکە پێچەوانەی بیرکردنەوە و هزری ئەوە. تەنانەت لەم چیرۆکانەدا چیرۆکنووس دەسەڵاتی تەواوی خۆی بەسەر کارەکتەردا دەسەپێنێ. ((دەستگرتنی نووسەر بەسەر کەسایەتیدا، بە واتا: خنکاندنی دەنگی تایبەتیان، زەوتکردنی دەسەڵاتی گێڕانەوەیە، ئەمەش سەپاندنی گۆشەنیگا و هەڵوێستی نووسەرەکەیە، بەسەر خوێنەردا لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە، کپکردن و تاساندنی دەنگە جوداکانی بەرهەمەکەشە. )) [سەڕاج، ٢٠٠٧، ل٤٧] کاتێك بیرکردنەوەی چرۆکنووس بەسەر کارەکتەری چیرۆك دەسەپێنێ، یەکەم شتێك ڕۆڵی کارەکتەر دەکوژێت. بە واتەی ئەوەی تەنێ یەك کارەکتەر ڕۆڵی دەبێت، ئەویش دەبێتە نوێنەر و هەڵگری بیری چیرۆکنووس. ڕۆڵی کارەکتەرەکانی دیکە و دەنگیان کپ دەکرێت. بەمەیش فرەدەنگی ناو چیرۆك دەکوژێت. دەق دەبێتە شتێك، کە نەتوانێت سنووری ئایدیۆلۆژیا تێپەڕ بکات، هەموو توخمەکانی ناو دەق لێرەدا دەخرێنە خزمەت ئایدیۆلۆژیاکەوە. ئەم دەقانە هەوڵێکن بۆ ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگە، دەیەوێ کۆمەڵگە بەو ئاراستەیەدا ببات، کە ئایدیۆلۆژیاکەی خۆی دەیەوێت، هاوکات بە تاکە چارەسەری دیاردە و کیشەکانی ناو کۆمەڵگەی دادەنێت.

**3. 4 کوشتنی بیرکردنەوەی تاك:**

چیرۆکەکانی ئەم ماوەیە کار لەبارەی یەك چینی کۆمەڵگەوە دەکات. هوشیاریی مرۆڤ لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو قەتیس دەکات. ئەم قەتیسکردنە کار دەکاتە سەر دەقی ئەدەبی. ئەم ئەدەبە دژە چەوسانەوەیە، چەوسانەوەیش چەمکێکی جیهانییە، واتە تایبەت نییە بە وڵاتێك، کورت ناکرێتەوە تەنێ لە یەك وڵات و نەتەوە. ئایدیۆلۆژیا تەنێ یەك چینی ناو کۆمەڵگە بە چەوساوە دادەنێ. لە دەرەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیای خۆی، ئەوانیتر ڕەتدەکاتەوە.

لە چیرۆکەکانی «د. مارف»دا تەنێ یەك، ڕژێم بە چەوسێنەر و داگیرکەر دادەنێ، یەك لایەن تاوانبار دەکا. لە چیرۆکی (نێرگس فرۆش!)دا ئازایەتی جەنگاوەری کورد لە شەڕی بەردەقارەمان نیشان دەدا. بەڵام دەبینین ئەو بەرگرییە و ئازایەتییە تایبەت بە ڕەنگ و ئایدیۆلۆژیایەك دەکات. ((ئازاد و شێرزاد لەسەر زگ پاڵ کەوتبوون، لە کونی بەینی هەردوو تاشە بەردەکەی سەر لووتکەی دەربەند پاسەوانی ڕێگەی ناو دۆڵەکەیان دەکرد. ئازاد دەسەسرە سوورەکەی لە باغەڵی دەرهێنا و لە پشتەوە بە جەنگاوەرەکانی پیشاندا. . . )) [خەزنەدار، ٢٠٠٦، ل١٢٥] ئیشکردنی چیرۆکنووس لەسەر درووستکردنی هوشیاریی لەلای تاکی کورد، بەوەی لە ناوچەی (تەکیە) و بەردەقارەمان، جەنگاوەرانی کورد، بە ڕابەرایەتی (شێخی نەمر) ڕێگریان لە هاتنی سووپای ئینگلیز بۆ ناو شاری سلێمانی کرد. هوشیاریی بەرگری و مێژووی بەرگری کورد بۆ تاکی کورد پیشان دەدا. هاوکات ئەم هوشیاریی بەرگرییە بە نیشانەیەك بارگاوی دەکات. لە پەرەگرافەکە (دەسەسڕی سوور) هاتوە، کە ئاماژەیە بۆ ئاڵای شیوعیەت و سێستەمی کۆمۆنیزم. واتە بەرگرییەکەی بە ئایدیۆلۆژی کردوە. ئەمەش کوشتنی هوشیاریی تاکە، چونکێ تاك دەگاتە ئەو بڕوایەی ئەوە سێستەمی کۆمۆنیزم و شیوعیەتە بەرگری دەکات. واتە بیرکردنەوەی تاك لەبارەی نەتەوەییەوە قەتیس دەکات. ئەو هوشیارییەی دەیەوێ لەبارەی دوژمنەوە بیدات، بە تەواوی ناگات. جۆرە وەهمێك سەبارەت بە جەنگاوەرانی بەرگری لەلای تاك درووست دەبێ، بەوەی قارەمانی و جەنگاوەری تەنێ لە یەك ئایدیۆلۆژیادا کورت دەکاتەوە. کەچی ئەوەی (شێخی نەمر) کردویەتی، جگە لە بەرگرییەکی نەتەوەیی چیدی نەبوە، لە دەرەوەی بیرکردنەوەیەکی تایبەت. ڕەنگە (شێخی نەمر) باوەڕیکی ئایینی لە پشتییەوە بێ و لایەنگری عوسمانییەکانی کردبێ. ئەو شۆڕش و بەرەنگارییە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات نەبوە، بەڵکوو بابەتەکە پێوەندی بە ماف و ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەییەوە هەبوە. «ئەلبێر کامۆ» لە یاداشتەکانی خۆیدا، چەند ڕستەیەکی «لارنس» لەبارەی شۆڕشەوە یادنووس کردوە. ((نابێت شۆڕش بکەیت تا چینێك دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵکو دەبێ شۆڕش بکەیت تا دەرفەتێك بۆ ژیان بخولقێنیت. )) [کامۆ، ٢٠١٤، ل٢٣٩] هەرچی شۆڕشی سوور بوو، تەنێ بۆ دەسەڵات هەوڵی دەدا، چونکی هەمووومان ئەزموونی ئەو دەسەڵاتەمان بینی. یەکەم کارێك ئەو دەسەڵاتە لە سۆڤیەت کاری لەبارەوە کرد، هەموو ئەدەبیاتی نووسراوی ئەوکاتە دەبوایە لەبارەی شۆڕش وچینی کرێکار و سەرکردەوە بێ. ڕەنگە یاخیبوونی (پاستێرناك) باشترین نموونە بێ لەو سێستەمە.

هەر لەمبارەیەوە چیرۆکی (ئەمەیە بەشمان)ی «د. کاوس قەفتان» و (دز نیم)ی «سەلاح محەمەد» باس لە چەوسانەوەی کرێکاری کورد دەکات. بەڵام باسی کێشەی کرێکار وەکو مرۆڤ ناکات، بەڵکو کرێکار وەکو هەڵگری ئایدیۆلۆژیا چەپ دەکەن. تەنانەت بەستنەوەی خەباتی کورد بە خەباتی کۆمۆنیزم لە چیرۆکی (زڕەی زنجیر)ی «مستەفا ساڵح کەریم» و (ڕێگای خەبات)ی «ئەمینی میرزا کەریم» کاری لەبارەوە کراوە. هەموو ئەم دەقانە کراون بە قوربانی پەیامێك و ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو.

(مەم) لە چیرۆکی (ئاواتی. . . قوتابییەك)دا لەبارەی ئاساییبوونی چوونی کچ بۆ شۆڕش و بوون بە خەباتکار. بەڵام نموونەی کچانی ڤێتنام دەهێنێتەوە. ڕاستە ڤێتنامییەکان دژی داگیرکاری ئەمریکا دەجەنگان. بەڵام سێستەمی شیوعیەت و کۆمۆنیزم دەسەڵاتی هەبوو.

((- کەنگی لە وڵاتی ئێمە. . کچ. . کچیش چوونەتە ڕیزی کوڕەکان. . لە مەیدانی خەباتی چەکدار. . لە هەموو مەیدانێکی دیکەش دا؟

کە رەوشەن ئەئاوا لێکی دەدایەوە هەست و بیری لەبوو لای (ئێلزا) و (زۆیا) و کچە قارەمانەکەی ڤێتنام چوو. . سنووری ئاواتی ڕاستەقینەی خۆیشی لەبەر چاو ڕوون بوەوە. )) [مەم، ١٩٨٤، ل٢٥٤] ڕاستە ئەم چیرۆکە کار لەبارەی هۆشیاریی تاکەوە دەکات. هوشیاریی ئەوەی بەڵێ، کچیش بۆی هەیە، بەشداری لە خەباتی بەرگری و چەکداری بۆ ڕزگاری نەتەوەیی بکات. ئەمە بۆ سەردەمێك، کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو نووسراوە، کارێکی بە بایەخە، بەڵام ئەو بەشدارییەی کچان بە ئایدیۆلۆژی دەکات. واتە نموونەی بەشداری کچان تەنێ بە کچانی ڤێتنام دەهێنێتەوە، کە لەوێ سێستەمی کۆمۆنیزم حوکم دەکات. دەکرێ نموونەی لە وڵاتانی دیکە بهێنابایەوە، کە تووشی داگیرکاری بوونە و کچانیش بەشداریەکی کارایان هەبوە. ئایدیۆلۆژیا ڕێکخستنێکە، کۆمەڵێك بیروڕای سیاسی، کۆمەڵایەتی، فیکری و ئابووری لە خۆیدا هەڵگرتوە. ئەمە لە بیرکردنەوە مارکسییەکەوە. ئەمانە لەناو هۆشیاریی و ئاگایی مرۆڤەکاندا هەن. تەنانەت (مارکس و ئەنگڵس) ئایدیۆلۆژیا بە پرۆسێسەیەکی ئاگایی ساختەی هەژمار دەکەن. بۆ نموونە «ئەنگڵس» دەڵێت: ((ئایدیۆلۆژیا پرۆسێسەیەکە، بیرمەند بە ئاگاییەکی ساختەوە ئەزموونی دەکات. )) [غورفیتش، ١٩٩٩، ص٢٠] هەرچەندە «مارکس» ئایدیۆلۆژیا بە نەسەقێك بۆ نموونەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فیکری دەگەڕێنێتەوە. ئاگایی تاکەکان لەناو ئەو نەسەقانە دەژین و ململانێ دەکەن، بەر یەکدەکەون. ئەو ململانێیەی نێوان چینەکانی ناو کۆمەڵگا، ئایدیۆلۆژیا زاڵ بەرهەم دەهێنێت. بە واتەی ئەوەی کام چین هەیمەنەتی ئابووریی و دەسەڵاتی خۆی زاڵکرد، ئەوا هێزی ڕووحی خۆیشی زاڵ دەکات. واتە «مارکس» ئەو ئاگاییە ساختە بە بەهێزی چینێکی ناو کۆمەڵگە لە ڕووی مادییەوە دەبەستێتەوە. ئەگەر هەر چینێك ئەو بەهێزیەیان لەکن پەیدا بوو، یان دەستیان خست ئەوا دەتوانن، کاریگەری و هەژموونیان بەسەر کۆمەڵگەوە هەبێت. ئەو چینەی، کە پارە و ئابووری دەکەوێتە ژێر دەست، چینی (بۆرژوازییە)، کە کۆمەڵی ئاگایی جیاواز بەرهەم دێنێت. ئەمەیش هۆکارێکە بۆ بەرهەمهێنای (پرۆلیتاریا)، کە دەست بەسەر بەرهەمی خەڵکدا دەگرێت. ئەم چینەیش ئاگایی و هوشیاریی ساختە بەرهەم دێنی. ڕاستە ئایدیۆلۆژیای مارکسی و لینین کاریگەری گەورەی لەسەر هوشیاریی تاك لە زۆربەی وڵاتاندا هەبوو، بەڵام دواتر هەر ئەو ئادیۆلۆژیایە، دەقی ئەدەبی بۆ درووشمەکانی خۆی خستەکار. دەبوایە دەق ڕەنگدانەوەی درووشمەکانی ئەم بێت. بۆ نموونە شەڕە نووسینی نێوان ڕوانگەیی و نەیارەکانیان لە ئەدەبی کوردیدا، تەنێ لەسەر ئەوە بوو، مارکسییەکان هەموو ڕەخنەیەکیان لە ڕوانگەییەکان ئەوە بوو، ئەدەبەکەیان ڕەنگدانەوەی بیری چەپ نییە.، ئەوان ڕەخنەیان لە مارکسییەکان ئەوە بوو، ئەدەبەکەیان نەتەوەیی نییە. بەڵگەیشتمان ئەو وتار و نووسینانەی سەر ڕۆژنامەی هاوکاری و پاشکۆی ئەدەبی ڕۆژنامەی ئەلعێراقی ئەو کاتە.

**4. ئەنجام:**

١. ئایدیۆلۆژیا بنەمایەکی گرینگە لە دەقی چیرۆکدا، تەنانەت هیچ دەقێك بێ ئایدیۆلۆژیا نییە، بەڵام نابێت ئایدۆلۆژیا لایەنی هونەری دەقەکە بکوژێ.

٢. چیرۆکنووسانی ئەم ماوەیە چیرۆك وەکوو کەرەسەیەك بۆ گەیاندنی درووشم و یاساکانی خۆیان بە کار دەهێنێن. بەمەیش چیرۆکی لاوازمان دەبێت، چونکە ئەو چیرۆکانە تەنێ هۆکارێکن بۆ گەیاندنی ئایۆلۆژیای نووسەر .، هەر بۆیە زۆربەیان سادە و ئاساین و لە ڕووی تەکنیك و شێوازی هونەری لاوازن و خاڵین لە خەیاڵ کە بڕبڕەی ئەدەبە.

٣. گوتاری چیرۆکەکانی ئەم ماوەیە لە زۆربەیاندا گوتارێکی ئایدیۆلۆژییە، وەکو پەیامێک چیرۆکنووس لە خزمەتکردنی ئایدیۆلۆژیای چینێکی دیاریکراو، کە ئەویش چینی پرۆلیتارو کرێکار و جوتیار و ئافرەتە کە ئەمانەش دروشمی چەپەکان بوون بە کاریان دەهێنان.

٤. لە چیرۆکی ئەو ماوەیەدا ئایدیۆلۆژیا کاریگەری تەواوی لەسەر توخمەکانی وەکو: کارکتەر، ڕووداو، فەزا و زمانی چیرۆك کردووە. هەموو ئەمانەی لەڕووی هونەرییەوە لاواز کردوون.

## 5- لیستی سەرچاوەکان :

### - بەزمانی کوردی:


- ئالان ڕۆب گریێ و کەسانی تر ( ٢٠٠٨): ڕۆمان و واقیع، و: سەڵاح عومەر، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- بێگەرد، ڕەئوف ( ١٩٥٨): ئەنجامی کچفرۆشی، چیرۆك، گۆڤاری هەتاو، ژمارە ١٣٢.
- خەزنەدار، د. مارف( ٢٠٠٦): بەرەوڕۆژ: کتێبفرۆشی سۆران: سلێمانی.
-رەسول ،حەمەد رەسول( ٢٠١٣): جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا: بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی: سلێمانی.
- سەڕاج، عەبدوڵڵا( ٢٠٠٧): بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان: دەزگای سەردەم: سلێمانی.
- کامۆ، ئەلبێر( ٢٠١٤): یاداشتەکان: و:پێشڕەو حوسێن: بەرگی یەکەم: دەزگای سەردەم: چاپخانەی تاران.
- عارف، حسەین( ٢٠١١): نووسینەکانم لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا: دەزگای ئاراس: هەولێر.
- مەمەند، کەمال( ١٩٨١): چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی: چاپخانەی الحوادث: بەغدا.
- مەم، محەمەد مەولود( ١٩٨٤): چیرۆکەکانی مەم: ئەمینداری گشتی و ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان: بەرگی دووەم.


### - کتێبی عەرەبی:


- ابوبکر محمد بن یحی الصولی( ١٣٤١)هجری: ابد الکتاب: المکتبه الغربیه: بغداد، الطبعه السلفیه.
- اشبهون، عبدالمالك( ٢٠١١): العنوان فی الروایه العربیه: النالیا للدراسات والنشر والتوزیع: سوریا.
- بلحسن، عمار( ١٩٨٤): الادب والایدیولوجیا: الموسسه الوطنیه للکتاب: الجزائر.
- باختین، میخاییل( ١٩٨٨): الکلمه فی الروایه: ت:یوسف الحلاق: منشورات وزاره الثقافه: دمشق.
- خشفه، محمد ندیم( ١٩٩٧): تاصیل النص: مرکز الانماء الحضاری.
- سمیر مرزوقی و شاکر جمیل(؟): مدخل إلی نظریه القصه: - الدار التونسیه للنشر- دیوان المطبوعات الجامعیه- الجزائر.
- فتاح، محمد( ١٩٩٠): دینامیه النص- تنظیر و ایجاز-: المرکز الثقافی العربی: ط٢،:الدار البیظاء.
- غورفیتش، جورج( ١٩٩٩): المعانی المتعدد للایدیولوجیا فی المارکسیه: الادیولوجیا- دفاتر الفلسفیه: ترجمه: محمد سبیلا و عبدالسلام بنعبد العالی: دار التوبقال، المغرب.
- مارکس- انجلز، الادیولوجیا الالمانیه، الادیولوجیا- دفاتر الفلسفیه.
- لحمیدانی، حمید( ١٩٩١): النقد الروائی والایدیولوجیا- من سوسیولوجیا الروایه الی سوسیولوجیا النص الروائی: المرکز الثقافی العربی: بیروت.
- مجموعه من المولفین( ١٩٨٨): الروایه والواقع: ترجمه: رشید بن حدو: دار البیضاء.


### کتێبی فارسی:


- تادیه، ژان ایو( ١٣٩٠): نقد ادبی در قرن بیستم: ترجمه: مشهید نونهالی، نیلوفر، تهران، چاپ دوم.

**الايديولوجيا وخطاب القصص الكردية ، قصص ١٩٥٠- ١٩٦٩ على سبيل المثال**

**محمد احمد حسن**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية- شقلاوة، جامعة صلاح الدين-أربيل

Mohammed.hasan@su.edu.krd

**ملخص**

يعتبر الخطاب القصه الكردي خلال الفترة 1950-1969 فريداً من نوعه حيث سيطرت الأيديولوجية على النصوص خلال هذه الفترة. أي أن القصص أصبحت وسيلة للتعبير عن خطاب تلك القصص. يتمثل عملنا في هذه الدراسة في دراسة الطرق التي تم بها استخدام القصص كأداة. في الوقت نفسه ، عملنا على توضيح تأثير الأيديولوجيا والمحتوى على تقنية وفن سرد القصص. للقيام بذلك ، قدمنا أولاً العنوان كنوع رئيسي واختصار للنص ، لنرى كيف تم التضحية بالعناوين. الجانب الثاني هو العمل على قوة الواقع ، أي أن القصص تنقل الواقع بطريقة غامضة ، دون تعديل الواقع ، وهو جانب آخر يتجاهل فن السرد. الأيديولوجيا هي جانب آخر أثر سلبًا على محتوى وتقنية القصص في تلك الفترة. هذه الأيديولوجية قتلت تفكير الشخصيات ومنعتهم من التعبير عن واقعهم وقصتهم. أخيراً ، نقدم نتائج الدراسة في عدة نقاط مع قائمة بالمصادر.

**كلمات الرئيسية :** الخطاب ، قصة ، أيديولوجيا ، واقع ، الفرد

**Ideology and discourse of Kurdish stories, stories of 1950 - 1969 for example**

**Mohammed Ahmed Hasan**
Department of Kurdish,College of Education-Shaqlawa,Salahaddin University -Erbil

Mohammed.hasan@su.edu.krd

**Abstract**

The discourse of Kurdish fiction during the period 1950-1969 is unique in that ideology dominated the texts during this period. That is, stories have become a means of expressing the discourse of those stories. Our work in this study is to examine in what ways stories have been instrumentalized. At the same time, we have worked to illustrate the impact of ideology and content on the technique and art of storytelling. To do this, we have first presented the title as a main genre and an abbreviation of the text, in order to see how the titles have been sacrificed. The second aspect is working on the power of reality, that is, the stories convey reality in a vague way, without modifying reality, which is another aspect that neglects the art of storytelling. Ideology is another aspect that has adversely affected the content and technique of stories of that period. This ideology has killed the thinking of the characters and prevented them from expressing their reality and story. Finally, we present the results of the study in several points, along with a list of sources.

**Keywords:** Discourse, story, ideology, reality, individual